چیرۆک

فرانز کافکا

# چیرۆکی زۆر کورت

و: سەڵاح عومەر



- گوندەکەی تەکمان
- حیکایەتێکی بچووک
- رۆیشتن
- کە ببی بە هیندییەکی سوور

## گوندەکەی تەکمان

باپیرەم راهاتبوو بڵێ: ژیان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش هێندەی بە بەرەوە نییە و کورتە، من ئەگەرچی دەیگوزەرێنم، بەڵام کورتتر لەوەی بیری لێ دەکەمەوە دێتە بەرچاوم، بە چەشنێ تێ ناگەم کە چۆن گەنجێ بێ ترس دەتوانێ بڕیار بدات سەفەر بۆ گوندەکەی تەکمان بکات. ترسی لە رووداوەکان نەبێ. چونکە پێموایە هەتا ژیانێکی کامەرانی ئاسایش بەشی گەشتێکی لەم جۆرە ناکات.

## حیکایەتێکی بچووک

مشکەکە حەسرەتی هەڵکێشا و گوتی: جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ بچووک دەبێتەوە لە سەرەتادا زۆر گەورە بوو. بە ڕادەیەک کە ترسم لێ هەبوو. بۆیە کەوتمە هەڵاتنی بەردەوام. بەڵام کاتێ دیوارەکانم بینی زۆر خۆشحاڵ بووم. دواجار لە دوورەوە بەلای دەستەڕاست و دەستەچەپدا بینیم ئەم دیوارە بەرز و پانانە زۆر زوو تەسک دەبنەوە، تا ئەو کاتەی هێندەم زانی بەڕاستی کەوتوومەتە دوا ژوورەکە لە گۆشەیەکیدا تەڵەیەک هەیە. حوکمیشە دەبێ بکەومە ناوی.

پشیلەکە گوتی: تەنیا ئاراستەی خۆت بگۆڕە. ئینجا لە چاو ترووکانێکدا مشکەکەی قووت دا.

## ڕۆیشتن

داوام کرد ئەسپەکەمم بۆ بێنن، بەڵام خزمەتکارەکە لە فەرمانەکەم نەگەیشت، بۆیە من خۆم چوومە ئەوێ و ئەسپەکەم زین کرد و سواری بووم. ئینجا . لە دوورەوە گوێم لە نەفیرێ بوو. لە خزمەتکارەکەم پرسی ئەمە مانای چییە. کەچی ئەو نە هیچی دەزانی و نە گوێی لە هیچ شتێ بووبوو. لای دەرگەکە وەستاندمی و لێمی پرسی. گەورەم، بۆ کوێ ئۆغر دەکات؟

ـ نازانم. پێم گوت تەنیا لێرە دوورەکەومەوە، تەنیا لێرە دەڕۆم و هیچ شتێکی تر ناکەم. ئەوە ئەو ڕێگەیەیە کە بە ئامانجەکەم دەگەیەنێ.

– کەواتە تۆ بە ئامانجەکەی خۆت دەزانی؟ لێمی پرسی.

ـ بەڵێ، وەڵامم دایەوە، ئەدی هەرئێستا پێم نەگوتی، دوورکەوتنەوە لەم دەڤەرە، ئەو ئامانجمە.

## کە ببی بە هیندییەکی سوور

ئەگەر مرۆڤ تەنیا و تەنیا هیندییەکی سوور بێ، بەردەوام بێدار بێ و بە سەرپەرشتی ئەسپێکەوە پشبڕکێ لەگەڵ "بادا" بکات، جەستەشی بە لەرزەیەکی زەوی بهەژێتەوە، تا واز لە دەستکێشەکەشی بێنێ، چونکە هیچ پێویستی بە دەستکێش ناکات.

تا ئەو کاتەی واز لە لغاویش دێنێ، چونکە هیچ پێویستی بە لغاو نییە. چونکە بە زەحمەت زەوی لە بەردەمی خۆی دەبینێ ڕاست و ئامادە کرابێ.

ئەوکات ملی ئەسپەکە و سەری دەمێکە دیار نەماون.

سەرچاوە: تألق ثقافات العدد (٤). ١٥ حزيران ٢٠٠٩. ت: ياسر عبدالله